# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا  دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 2018-06-01 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

**15 Mei . 2019  No. [48]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl  Tel:  +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری  بخوێنەوە..**

شەم و میلتەم دوو کیژە کورد، لە دوو پارتی جیاوازی هۆڵەندی
پاڵێوراون بۆ پەرلەمانی ئەورووپی  ل 1
بۆچی بێوار...؟ بەشی سێهەم و چوارەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ  ل 2 و ل 3

سزای زیانگەیاندن بە ژینگە لە ئەڵمانیا، بورهان ئەمین ل 4

بەکارهێنانی مشک لە پێناوی سوودی مرۆڤدا،  ماموستا فەوزی ڕەمزی ل 4

بیری هیچ شتێکی سوریام نەکردووە ...! نوسینی سیروان ڕەحیم ل 5
گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 6.

بەشی دووەمی پێداهەڵدانی هەڵە، زیانی لێدەکەوێتەوە،

وەرگێڕانی موفەر عەزیز- ئەڵمانیا، ل4 ل7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
ئازاد حەمە ڕەسول ل 8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 Mei 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 48
15 مایسی 2019

# لە هۆڵەندا دوو کیژە کورد، کوردێکی باشور لەسەر لیستی پارتی کاری هۆڵەندی و کوردێکی باکوڕ لە پارتی سۆشیالیست SP پاڵێوراون بۆ پەرلەمانی ئەوروپـــــــا

## خاتوو شەم ئەحمەد لەسەر لیستی پارتی کاری هۆڵەندی پاڵێوراوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپـــــــا




ڕۆژی2019/05/23 هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەوروپا ئەنجام دەردرێت، لە هۆڵەندا وەک تاراوگە زانیوێتی، دوو کیژە کورد لەسەر لیستی دوو پارتی جیاواز پاڵێوراون.

شەم ئەحمەد لە دایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٩٦، لەسەر لیستی پارتی کار PvdA خۆی پاڵاوتووە، سالی 2018 کۆلێژی یاسای نێودەوڵەتی تەواو کردووە و ئێستا خوێندکاری ماجیستێرە... لەیەک کاتدا دوو ماستەر دەخوێنێت. لە سەرەتای خوێندنییەوە زۆر سەرکەوتوو بووە، قۆناعەکانی خوێندنی هەمیشە بە پلەی نایاب بڕیووە، دەستی نوسیندا هەیە، زۆر دەخوێنێتەوە، حەزی لە گوڵ و باخ و هاوڕێیەتی و گەشت و گەڕان و مێژووی شوێنەوارە دێرینەکانە.

لە منداڵییەوە بۆ یارمەتیدان خولقاوە، جێدەستی دیارە لە سەرلێدانی ئۆردوگای ئاوارەکان و دەستگیرۆیی ئەو کۆچبەرانانەی ڕوویان لە شارەکەی کردووە. شەم تا ئێستا دوو جار کاندید بووە، لەسەر لیستی پارتەکەی PvdA بۆ ئەنجومەنی شارەوانی لە هۆڵەندا، جارێکیش داوای لێکراوە، سەرۆکی لیست بێت بۆ هەڵبژاردنی هەرێمەکان لە هۆڵەندا، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵی خوێندن بووە، دواجار لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری 2018 دا، لەسەر داوای پارتەکەی کاندید کرا بۆ پەرلەمانی ئەوروپا. بڕیارە ڕۆژی 23-5-2019 هەڵبژاردنەکە لە تەواوی ئەوروپا بکرێت.. شەم ئەحمەد بچوکترین کاندیدە. ژمارەکەی 13یە لە لیستی PvdA دا. داوا لە کۆچبەرانی کوردی ئازیزی نیشتەجێی هۆڵەندا دەکەین دەنگی پێ بدەن.

## خاتوو میلتەم ئۆکشو Meltem Okçu کیژە کوردێکی باکوڕ لەسەر لیستی پارتی سۆشیالیست SP پاڵێوراوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپـــــــا



خاتوو میلتەم ئۆکشو Meltem Okçu تەمەنی ٢٣ ساڵە و لەسەر لیستی SP پارتی سۆشیالست خۆی پاڵاوتووە

دانیشتووە شارۆچکەی Capelle aan de IJssel لە نزیک ڕۆتەردام، لە خانەوادەیەکی چەپ، بە میوزیکی کوردیی و تورکی و کلاسیک و نوێ پەروەردە بووە، لە هەشت ساڵیەوە لەسەر گیتار ڕاهێنراوە و ئامێرە هەواییەکان دەژەنێت، دووساڵە تێکەڵاوی سیاسەت بووە، قانوونی خوێندووە،هەفتەی دوو ڕۆژکاردەکات.

داوا لە کۆچبەرانی کوردی ئازیزی نیشتەجێی هۆڵەندا دەکەین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا دەنگ بەم دوو خانمە کوردەی نەوەی نوێ بدەن، تا بگەنە پەرلەمانی ئەوروپا.
کوردستانیانی تاراوگە تەنها بە یەکگرتن و هاودەنگی دەتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن تا لۆبییەکی بەهێز بۆ ئایندەی گەشی خۆیان دروست بکەن.

# کۆی گشتی ژمارەی ئەو نوسەر و خاوەن خامانەی لاپەڕەکانی (بێوار)یان دەوڵەمەند کردبوو، دەگەیشتنە 279 نوسەر لە ڕۆژنامەنووس، شاعیر، چیرۆکنووس و کەسانی ڕوناکبیر..

## بۆچی بێوار ...؟! بەشی سێیەم ... هیوا سەرهەنگ


محەمەد جەزا بەرزنجی


د. جەمیل شەرەف


رەهبەر سەید برایم


سەردار فەتاح ئەمین


خالە بەکر


جەوهەر کرمانج

نووسەر و بابەتەکانی بێوار:

کۆی گشتی ژمارەی ئەو نووسەر و خاوەن خامانەی لاپەڕەکانی ( بێوار )یان دەوڵەمەند کردبوو دەگەیشتنە 279 نووسەر لە رۆژنامەنووس، شاعیر، چیرۆکنووس و کەسانی رووناکبیری خاوەن خامە کە هەندێکیان بە درێژایی تەمەنی بێوار لە هاوکاری و بەشداری بێوار دانەبڕاون لە بڵاوکردنەوە، لێرەدا تەنیا دە نووسەری زۆرترین خاوەن بەرهەمی بڵاوکراوە دەستنیشان دەکەین کە بریتین لە :

١– د. سالار باسیرە / 47 بابەت

٢– محەمەد جەزا بەرزنجی / 47 بابەت

٣– رەهبەر سەید ئیبراهیم بەرزنجی / 46 بابەت.

٤– کامەران ئەحمەد سلێمان / 45 بابەت.

٥– جەوهەر کرمانج /43 بابەت.

٦– خاڵە بەکری شاعیر / 34 بابەت.

٧– رەوانشاد د. جەمیل شەرف / 28 بابەت.

٨– سەردار فەتاح ئەمین / 28 بابەت.

٩– هیوا گەردی / 26 بابەت.

١٠– عەلی بچکۆل / 22 بابەت.

شایانی باسە کاک عەلی بچکۆل، ئەم خامە زێڕینە دڵسۆز بۆ دۆزی نەتەوایەتی کورد توانیبووی لە پاکستان لە نزیکەوە چەندین خێزان و عەشیرەتی پاکستانی بە رەچەڵەک کورد بدۆزێتەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات و لە نێو لاپەڕەکانی بێواردا بۆ یەکەم جار بڵاوی بکاتەوە و بیانناسێنێت. ناوی نووسەرەکان و ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکانیان لە ژێر سەردێڕی ئەم مانشێتە فەرعیەدا، هەوڵدەدەین بەپێی ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکانیان، نووسەرەکان پۆلێن بکەین و دەستنیشانی ژمارەی نووسینەکانیان بکەین:

1– محەمەد جەزا بەرزنجی، د. سالار حەمەسوور باسیرە، هەر یەکەیان (47 ) بابەتیان بڵاو کردۆتەوە کە بەپڕ بەرهەمترین نووسەرانی " بێوار " لە قەڵەم دەدرێن.

2 – رەهبەر سەید برایم بەرزنجی، ( 46 ) بابەت و کامەڕان ئەحمەد سلێمان بە (45) بابەت و جەوهەر کرمانج بە(43) بابەت تیا بڵاوکردۆتەوە.
3 – خاڵە بەکر ( 34)، د. جەمیل شەڕەف و سەردار فەتاح ئەمین (28)، هیوا گەردی ( 26 )، عەلی بچکۆل ( 22 )، بافڵ سەرهەنگ(20)، هیوا گەردی ( 26 )، عەلی بچکۆل (22)، بافڵ سەرهەنگ (20)، رزگار کەولۆسی (18)، بێریڤان جەمال حەمەسەعید (17)، مەهدی کاوانی (15)، بورهان پاکی ( 14 )، شێرزاد هەینی، نزار خەیلانی، د. نوری تاڵەبانی، ئیسماعیل تەنیا، سەردار مەحمود حەمەمورادی (سەردار دەربەندیخانی)، هەر یەکەیان (13) بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، برایمی مەجید پور، شەفیقی حاجی خدر (شەفیق گرتکی) (12) بابەت، عارف عومەر گوڵ، جەمشید قەرەداخی، شێرکۆ شێخ نوری، شێرکۆ بێکەس (11) بابەت، پەیمان سەرهەنگ، کەمال شێروانی، شەهێن (10) بابەت، لەتیف هەڵمەت، سیروان مەحمود، ڤینۆس فایەق، سیروان مارف، کەمال سەرگەڵویی (9)، ساڵح محەمەد ئەمین، ئازاد سماقوڵی (8) بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.

4 – جەلال بەرزنجی، د. مارف عومەر گوڵ، خالید مەجید فەرەج، ساڵح بێچار (7)، کاروان عەلی بچکۆل، سەباحەت تاهیر، سەردار میران، عومەر رەسوڵ، جەمال مەلا قەرە(6)، بێکەس، د. موەفەق دەرگەڵەیی، هۆشیار بەرزنجی، یاد ئەمین، دانا هەڵەبجەیی، ئاوات حەسەن ئەمین، یاسین فەقێ سەعی، خالید رەسول، نەسرین عەباس (5) بابەتیان بڵاکردۆتەوە.

5 – محەمەد جەزا زەنگەنە، محەمەد فەتحوڵڵا، گۆران، سەردار موڕادی، دانا میرزا، کاوەخوسرەوی، مستەفا ئیسماعیل، یاسین قادر بەرزنجی، خالید دلێر، سیروان مەجید فەرەج، فەرید زامدار، تاهیر ساڵح سەعید، ئارام هەڵەبجەیی، خەسرەو پیربال، عەبدولموئمین دەشتی، بەختیار بەکر، هەر یەکەو چوار بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. هەروەها باوکی رەندی، ئەنجام بەرزنجی، هیوا محەمەد، یاسین خێڵانی، دیلان، جەمال خەمبار، لالۆ، هۆبە گوڵ، کاروان کاوانی، مەریوان ئازاد، ئاڤان عەلی مەحمود، کەڤان شێرزاد هەینی، ئیبراهیم جەلال، حەمە تایەر مەحمود گوڵانی، ئەژی ئازاد، رابەر مەحمود، نزار قەبانی، سایە، جوان ناسح بابان، جوان عومەر، عەبدوڵڵا سەراج، نارین کامەڕان و تاهیر کاکۆ هەر یەکەیان سێ بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.
6– ئەم نووسەرانەش هەر یەکەو دوو بابەتیان بڵاوکردۆتەوە: باوکی پێشڕەو، رزگار کۆیی، باخچە محەمەد، ڤیان بێتوشی، ئاراس کەمال، عەبدولخالق کەریم بەرزنجی، دڵسۆز حەمە، ئەمیر حەسەن ئیبراهیم، رامان بەرزنجی، عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ، جەعفەر سابیر رەباتی، فەرەیدون عەلی ئەمین، مستەفا شەڵماشی، نەوزاد، رەڤەند دهۆکی، نالی، دیدەن سەید برایم، حەمە بەرزنجی، سەفوەت رەشید سدقی، ناهیدە رەشیدیان، گەشبین بەرزنجی، فریاد رواندزی، قادری حوسێنی، نیگار، ساڵح خۆشناو، ناز مەریوان ئازاد، عەباس تۆفیق گورجی، ئارام، بنار ئازاد، قوبادی جەلیزادە، زانا رەئوف، غازی حەسەن، ناسری حوسامی، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، مەلا فەرمان، کارزان کاوانی، هۆزان خۆشناو، سلێمان عەبدوڵڵا یونس، بەختیار بەکر، ئازاد سۆرانی و هەژار خۆشناو.
7– ئەو نووسەرانەی کە هەر یەکەو بە بابەت یان بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە" بێوار " دا بەشداریان کردووە بریتین لە: ئازاد مەریوان، رەفیق سدیق، شیاو، بەهار سمکۆ، شێخ محەمدی خاڵیسی، نەوزاد جەمال، ئەحمەدی عەلیزادە، ڕێژین، شوان عوسمان عەبدوڵڵا، ڕامان رەشید، باوکی پۆڵا، کوردۆ ئاوارە، کانیاو هەولێری، سامی شۆڕش، سەهەند ئاسۆ، هێرش هیرانی، مستەفا عەسکەری، ئاکۆ ئەلیاسی، دایکی بڕوا، خالید ئیبراهیم حوسێن، دانا شەدەڵە، حەمید بڵباس، پیرەمێرد، گۆڤەند، پێشڕەو، هانا محەمەد، ویداد خاڵس،عیسا محیەدین ئیبراهیم، جیهان عومەر، دڵدار، باوکی کاڵێ، بەختیار زیوەر، دڵسۆز دڵزار، زیوەر، سەردار عەبدولکەریم، بەهرۆز دەرویش غەفور، زرار عەبدوڵڵا شێواو، قادر ئیبراهیم مینە، سەنگەر بازیانی، شێرزاد شێخانی، فرانک رامار، ب. محەمەد، سیراون کاروانی، ساڵح کڵێسەیی، شوان عوسمان، سەلام سەعید مەولود، ستار بەکرەجۆیی، محەمەد حەمەباقی، مەلای جزیری، مەحوی، سیامەند ئیبراهیم، بێدار جەلال بەرزنجی، حەمدون، پیرۆت گەرمیانی، پەیامنێری بێوار لە کوردستان، بەرزان حەمە خورشید، جوامێر شوانی، جەمشید جەمال، دانا کەرکوکی، حوسێن سەرتەکی، جەواد حەمەد بەگ، مام جەلال (سەرۆک کۆماری عیراق)، هادی عەلەوی، مەم بورهان قانع، سەرکەوت پێنجوینی، رزگار تاهیر، چاودێرێک، شەمام شەوقی،

بروانە ل 3

# عەلی بچکۆڵ، ئەم خامە زێڕینە دڵسۆز بۆ دۆزی نەتەوایەتی کورد توانیبووی لە پاکستان لە نزیکەوە چەندین خێزان و عەشیرەتی پاکستانی بە رەچەڵەک کورد بدۆزێتەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات

شەپۆل محەمەد سەید قادر، باوکی ژیوار، بێوار، پشتیوان، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ئاوات کامیل، کاڵێ، ئەحمەد خوسرەوی، محەمەد تۆفیق وردی، زاگروس جەبار کەریم، سەلاح مەجید، پێشرەوی سەید برایمی، رەزێ تاقانە، حەسیب قەرەداخی، هێمن موکریانی، عەزیز ئالانی، محەمەد پاکژ، عەبدوڵڵا ئەحمەد، ئەبو بەکر قەرەداخی، برایم ئەحمەد، لاڤە فەرهاد، رەزا شوان، مەجید دڵنیا، رۆزا حەمە ساڵح، کەژاڵ ئەحمەد، ئەخۆڵ، ئاگرین کەرکوکی، ئەرین، حەمەرەحیم رەمەزان، مەحمود رەزا، ئاشتی گەرمیانی، رەفیق سابیر، بەرزی گەرمیانی، شێروان رەحمان حەمەسەعید، قاسم شێروانی، شێخ نوری شێخ ساڵح، زانا هەورامی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، لییۆ، نەسرەدین دەلەوی، شەیدا مەعروف، هێرش هەولێری، عادل مەهدی، جەلال میرزا کەریم، سەپان حەسەن، ئازاد مەریوان، سارا فەقێ خدر، کاردۆخی، عەبدوڵڵا یونس، قادر سەڵح (کاکەڕەش)، دلێر مەحمود سابیر، کەژاڵ عەلی، دڵشاد رەشید حەمەدەمین، هەڵۆ جوامێر، بانوو بەرزان، نەوزاد رەفعەت، نامۆ حەسەن، ح.س. سۆران، رەنج سەنگاوی، سەردار عەبدوڵڵا، سەروەر ئەحمەد، ژیلا، سەمیرە محەمەد عەلی، سەرکۆ، نیشتمان کەرکوکی، محەمەد گەردی، سەید کامیلی ئیمامی، سیروان بەرزنجی، سەرکێو، موحسین ئاوارە، یوسف شەریف، شەهاب عوسمان، عوسمان عەلی، کارزان کاوسێن، بەرزان وەهاب و سدیق ساڵح عەزیز.

## بەشی چوارەم...

کۆی ژمارەی بابەتەکانی بێوار:

870 بابەت بووە لە بوارەکانی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و بیرەوەری. 595 هەواڵ و کورتە هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ جۆراو جۆری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جیهانی و کوردستانی بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت لە دوارۆژدا وەک ئەرشیف سوودیان لێ وەربگیرێ. 269 پارچە شیعری کورت و درێژ. 27 پارچە پەخشان. 56 چیرۆک کە زۆربەیان بۆ مندالانە. توانیومانە 73 هەڤپەیڤین، سازبدەین

و بڵاویان بکەینەوە کە هەندێکیان لەبەر زۆری بابەتەکە بەش بەش لە ژمارەکانی بێواردا بڵاوکراونەتەوە، دیارە تا بێوار زۆرترین سنووری خوێندنەوە ببەزێنێت و هەمووان لە تاراوگەدا هاوبەشی خوێندنەوەی بن چەندین بابەتی تەنز ئامێزمان تیا بڵاوکردۆتەوە .بێوار و بوارەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و کوردایەتی و تەبایی و ئاشتی و دیموکراسی و گەشەکردن ئەمانە هەموو ئەو بنەما پڕ باوەڕانە بوون کە بێوار لە پێناویدا لە دنیای رۆژنامەگەریدا خەباتی دەکرد و پرنسیبی لاپەڕەکانی بوو لە ماوەی زیاتر لە یانزدە ساڵی تەمەنیدا تا دوا ژمارەی، لە هەرلایەک، لەهەر جێیەک، کوردێک شەهید بوایە بێوار، بەدیاریەوە هەڵئەکوڕما و بە زیانێکی گەورەی دەزانی کە لە میللەتی کورد کەوتووە، هەر بۆیە هەمیشە دەنگی وشەکانی بڵندگۆیەکی پڕ ئاشتی بوون، پڕ تەبایی و یەکڕیزی بوون, لە ماوەی شەڕی نادروستی ناوخۆی کوردکوژیدا چواردە سەروتاری ژمارەی لەسەر ئاشتی و پێداگرتن و بانگەواز بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە بوو، لە ژێر ئەم تایتڵانەدا.. :

1– بۆ دیسانەوە کوردستان بە ئاگری سەددام بسووتێتەوە؟.

2 – کورد ئاشتی و تەبایی دەوێ نەک شەڕ.

3– دەبا ساڵی نوێ، ساڵی یەکگرتن و ئاشتی بێت.

4– کوردپەروەر هەنگاوی ئاشتی خێراتر هەڵدێنێ.



ئیسماعیل تەنیا



د. سالار باسیرە



عەلی بچکۆڵ



برایمی مەجیدپور



سەردار مەحمود موڕادی



بێریڤان حەمەسەعید



شەفیقی حاجی خدر



کامەڕان ئەحمەد سلێمان



سەردار عەبدولکەریم

5– نەورۆز و هەڵەبشیماو ئەنفال و راپەڕین .. چاوەڕوانی دوا پەیامی ئاشتین.

6– با ئاشتی ناوەخۆ لەوە درەنگتر نەکەوێ!

7– ئاشتی ناوخۆ لە خزمەتی کورد و کوردستان دایە .

8– تەوژمی هیچ شەڕێک خۆی لەبەردەم پڕۆسەی ئاشتیدا ناگرێ.

9– با ساڵی نوێ، ساڵی بنیاتنانی ئاشتی و یەکگرتنی ریزەکانی کورد بێت.

10– پەلەکردن لە جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن داخوازی گەلی کوردە.

11– نەورۆز و ئاشتی مژدەی سەرکەوتنی گەلی کوردن.

12– شەڕ و تیرۆر لەبەردەم ئاشتی و مرۆڤایەتیدا هەمیشە شکست دەهێنێت.

13– تەنیا بە ئاشتی نێوخۆ، دەتوانین وەڵامی پڕ وەفایی هەزاران پیرەمێرد بدەینەوە.

14– لەشکرکێشی تورکیا رێگری چەسپاندنی ئاشتی و ئارامییە لە کوردستانی باشووردا.

بابەتی پڕ پێزی تر: مرۆڤبوون، مافەکانی مرۆڤ و بەرززاگرتنیان هەمیشە جێی بایەخدانی بێوار بوە و هەربۆیە داوای لە نووسەران و پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤ کردووە بۆ بەرهەم و ناساندنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ لەسەر لاپەڕەکانی ( بێوار) و ئەم خاوەن خامە و شارەزا و پسپۆرانەش بە بەرهەمەکانیان لاپەڕەکانی بێواریان دەوڵەمەند کردبوو وەک: رێکخراوەی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بریتانیا، پارێزەر سەفوەت رەشید سدقی، ساڵح محەمەد ئەمین، نوری تاڵەبانی، د. جەمیل شەڕەف، د. موەفەق دەرگەڵەیی. لە ژێر دروشمی وتەکەی رەسوڵ هەمزاتۆف (ئەگەر بەیانی زمانەکەم بفەوتێ، با من ئیمڕۆ بمرم .. دڵم هەمیشە بۆ زمانەکەم ژان دەکات، ئەگەرچی رەنگە هەندێ کەس لە زمانەکانی تر بە هەژارتری دابنێن .. ئەگەرچی لە ئەنجومەنی گشتی بەکار نایەت، بەڵام بۆ من هەر شتێکی چاکە ) .. محەمەد جەزا بەرزنجی بە زنجیرە وتارێک لە ژمارەکانی بێوار لەسەر (بایەخدان بە زمانی کوردی و ئەرکە نەتەوەییەکانی لە هەندەران) بڵاوکردۆتەوە.

چاوەڕوانی بەشی پێنجەم بن....

# سزای زیانگەیاندن بە ژینگە لەئەڵمانیا



بورهان ئەمین

گوڵ قرتاندن:

لێکردنەوەی گوڵ لە باخچەو شوێنەگشتیەکان بەپێی یاسا لە ئەڵمانیا قەدەغەکراوە، بەڵام سزاکەی لەهەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر دەگۆڕێ وهەر یەکەیان سزایەکی جیا لەوانی تری بۆ داناوە و بەگشتی لە ٥٠ یۆرۆ دستپێدەکاوسزاهەرەقورسەکەی دەکاتە ٥٠ هەزار یۆرۆ، بۆ نمونە لەهەرێمی " بایرەن" ئەگەر گوڵێک بقرتێنی تەنها ٥٠ یۆرۆ سزات دەدەن، بەڵام لە هەرێمی هامبۆرگ سزاکەی بەپێی جۆری گوڵەکەو ژمارەو شوێن وکاتی لێکردنەوەکە دەگۆڕێت و هەندێ جار دەگاتە ٥٠ هەزار یۆرۆ، سزای زیندانی کردنیشی لەسەرە.







بڕینەوەی درەخت:

بڕینەوەی دارودرەختی گشتی یان بریندارکردن وئازاردانیان " جگەلەهی ناوماڵی خۆت" بەبێ پرسی ومۆڵەتی دەزگافەرمیەکان وەک تاوان مامەڵەی لەگەڵ دەکری وسزای لەسەرە، ئەویش بەپێی ئەو جۆرەیە کەلە کوێ وچۆن وکامەجۆری دارەکەیەو سزاکەی لەنێوان ٥٠ بۆ ٥٠٠٠ یۆرۆیە.

میزکردن لە ژێر درەخت وسەوزاییەکان:

میزکردن لە باخچەگشتیەکان ویان لەباخ وژێردرەخت وگوڵ وسەوزاییەکان زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێ وجگەلەبۆنی پیس ئازار بەو سەوزاییانە دەگەیەنێ ولەوانەیە ووشکیان بکات، بۆیە سزای لەسەرەو ئەو سزایەش لە هەر هەرێم وشارێک جیایەو لەنێوانی ٣٥ یۆرۆ بۆ ٥٠٠٠ هەزار یۆرۆ دەبێت ئەوگەر قورسیس بێت وزیانی زۆر بگەیەنێ و سزاکەی دەگایە زیندانیکردنیش، ئەمەش دادوەر دیاریدەکات، میزکردنێکی ئاسایی ژێر درەخت لەبەرلین سزاکەی ٢٠ یۆرۆیە بەڵام لە شڤیرین ١٠٠ یۆرۆیە.

---

هاوڕێیان، بە ژینگەیەکی جوان تەندروست باش و خۆشگوزەران دەبین، تکایە با هەموومان ژینگە بپارێزین.

# بەکارهێنانی مشک لە پێناو سوودی مرۆڤدا



مامۆستا فەوزی ڕەمزی مەلا مارف

وەک لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە مشک بە جانەوەرێکی قێزەون ناودەبرێت، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێکە لەو گیاندارانەی، کە مرۆڤ توانیویەتی زۆرترین سوودی لێوەربگرێت لە تاقیگە تایبەتەکاندا. لە هەندێک تاقیکردنەوەدا، کە لەسەر مشک ئەنجام دراوە و دەرکەوتووە، مێشک و هەستێکی زۆر تایبەتی هەیە و بە هۆی هەستی بۆنکردنیەوە دەتوانێت زۆر لە مادە کیمیاییەکان لە یەکتر جودا بکاتەوە... یەکێک لەو کارانەی بۆنکردنی ئەو جۆرە مادە کیمیایەیە، لە نێو میندا بەکاردەهێنرێت، بەمە دەتوانن جێگەی ئەو مینە بدۆزنەوە و پووچەڵی بکەنەوە، ئەمە سوودێکی گەورە بە مرۆڤ دەگەیەنێت. زانایەکی بەلچیکی (بارت ویتجینز)، ڕاهێنانی بە چەند مشکێک لەسەر بۆنی ئەو جۆرە مادە کیماییە کردووە، بۆ دەرخستنی نەخۆشی سیل لە هەندێک مرۆڤدا.



APOPO Geneva office to support HeroRATs in their global mission

ئەم زانایە دەزگایەکی بە ناوی (ئاپۆپۆ) دامەزراندووە و بنکەیەکی لە شاری (ژنێف) هەیە، تا کۆمەکی پێویست بەدەستبێنێت و بتوانێت، لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئەو جۆرە مشکانە، کە بە (مشکی ئەفەریقی زەبەلاح) دەناسرێن و بۆ ماوەی 9 مانگ لە یەکێک لە کێڵگە تایبەتەکانی وڵاتی (تانزانیا) ڕادەهێنرێن لەسەر بۆنکردنی چەندین جۆر لەو مادە کیمیاوییانەی بەکاردەهێنرێن لە دروستکردنی میندا. هەر کاتێک مشکەکە بۆنی ئەو مادە تایبەتەی کرد، ئەوا لەسەرخۆ دەستدەکات بە هەڵکۆڵینی زەوییەکەی دەوروبەری ئەو مینە و بەمەیش کەسانی شارەزا دەچن و دەریدەهێنن، ئەوسا پووچەڵی دەکەنەوە. هەر لە ساڵی 2015 وە ئەو جۆرە مشکانە براونەتە وڵاتی کەمبۆدیا و ئەنگۆلا مۆزەنبیق، تا سودیان لێوەربگیرێت و دانیشتوانی ناوچە مینڕێژکراوەکان بپارێزن لە مەترسی تەقینەوەیان، کە ساڵانە چەندین مرۆڤ دەکاتە قوربانی.

لە سایتی سویس-ئینفۆ-وە

# بیری هیچ شتێکی سوریام نەکردووە ...!




بیری ناکەم! لە وەڵامی پرسیاری "تاسەی سوریات کردووە؟"، ئەوە وەڵامی خاتوونێکی عەرەبی سوریایە. چەند کەسێکین و قسەی لەگەڵ دەکەین، باس و خواس دەربارەی شەڕ، پەنابەری و تاراوگەیە. هەموومان پێکەوەین، لێرە، لە کۆڵنی ئەڵەمانیا، بێئەوەی جیاوازی زمان، دین و ناسنامە کەلێن بخاتە نێوانمانەوە. چەند خۆشە تەنها هەڵگری یەک ناسنامە بین، مرۆڤبوون! بەڵام بەداخەوە هێشتا مرۆڤ باڵای لەو ئاستە زۆر نزمترە و ناتوانێت هەڵگری ئەو ناسنامەیە بێت. هێشتا نەیتوانیووە و دیاریش نییە کەی پێیدەگات.

"بیری هیچ شتێکی سوریام نەکردووە". هاوڕێ ئەڵەمانەکانم لە وەڵامەکە حاڵی نابن. بەڵام شتێک تێکەڵ لە زەردەخەنە و خەمگینیی قوڵ سیمای ژنەکەی تەواو داپۆشیووە، ژنەکە بەردەوام دەبێت: تاسەی کوێ؟ بیری چ بکەم؟ نەک هەر ڕەوشی شەڕ، بەر لە شەڕیش، باسی چ بکەم و بیری چ بکەم، دۆخی سیاسی؟ ئازادی؟ مرۆڤ کاتێک وەڵاتێک بۆ هەمیشە جێدەهێڵێت بیری چ دەکات؟ بیری دار و درەخت و ئاو و هەوا یان بیری هەندێ نرخ و بنەما، کە ژیانی مرۆڤ جوان و دڵنیا دەکەن؟ ئەو خاتوونە دەڵێت: ساڵانێکی زۆرە لەوێ شەڕە، شەڕی پێشتر شەڕێکی تایبەت بوو، شەڕ نەبوو بە چەک، بەڵام شەڕ بوو، شەڕێکی پشتشکێن. ئێستا کۆمەڵێ گروپی جودا، بەچەک قسە لەگەڵ یەک دەکەن، بەڵام ئەو دەم دەوڵەتێک و سەرۆکەکەی لە بواری هەڕەشەی بەکارهێنانی چەک و شەڕی دەروونی بەردەوام بۆ خەڵک لەسەر پێ بوون. دیکتاتۆرەکان چ لە مرۆڤ دەکەن؟ چۆن وێرانیان دەکەن و دەروونیان دەکەن بە کاولاش، کەسێک لە دۆخەکەدا نەژی لێی حاڵی نابێت، حاڵیش بێت سەراوی و کاڵ وەریدەگرێت، تەنها ئەوانە دەزانن شەڕ و هەڕەشەی چەوسێنەران چین، کە تێیدا دەژین. هەموو ئەو زیانانە لە لایەک، کە لە کردەی چەوسێنەر و دیکتاتۆرانەوە سەرچاوە دەگرن و کوشتنی حەز و ئەڤینی زێد و لانەیش لە لایەک.

ئەوە تەنها سەردەستیی و غەدری دیکتاتۆرانە دەتوانن خۆشەویستی زێد لە دڵ و گیانی مرۆڤدا هەپرون بکەن.

ئەو خاتوونە هەستی پێدەکات، ئەوانەی بەرانبەری دەتاسێن. بەڵام هەوڵ دەدات تێیان بگەیەنێت بۆچ بیری سوریا ناکات.

ئەوە هیچ کە ئێستا شەڕە، کەس بیری شەڕ و دۆخی پڕ بەڵا و کارەسات و مەرگهاوەری شەڕ ناکات، بەڵام بەر لە شەڕیش شتێک نەبوو ناوی خۆشی، ئازادی یان وەکهەڤی بێت و ئێستا من بۆی تاسەبار بم.

لێرە ژیانێکی تر هەیە و من لە خەونیشدا ئەوەم نەدەبینی. لێرە ئازادی هەیە و لەوێ نەبوو. من بیری "نەبوونی ئازادی" ناکەم.

کاتێک مرۆڤ لە دوورە و یان سەراویانە تەماشای ناوچەکە بکات، وا تێدەگات تەنها گەلانی بێدەوڵەت داگیر کراون و باری دەروونیان وێرانە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە لە هەناودا، لە قوڵاییدا گەلانی خاوەن دەوڵەتیش، تەنانەت ئەوانەی لە نزیکی نزیکەوەی دەسەڵاتداران شوێنەگەیەکیان هەیە، لە نائارامی و نادڵنیاییدا دەژین.

لە ڕۆژهەڵات کەس دڵنیا نییە، کەس حەز و خۆشەویستی لە لا نەماوە. لە مرۆڤێکی سادەوە تاکو سەرۆک، کەس خاوەنی هیچ جۆرێک لە دڵنیایی نییە. ئەوان نەک هەر گەلانی داگیرکراو دەچەوسێننەوە و لە هەموو شتێکیان دادەماڵن، بەڵکو بێڕەحمانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی خۆیان، ئابوری خۆیان، لەشکرەکانی خۆیان و خاکەکەیشتان دەکەن.

لەوێ سەرۆک خۆی پۆلیسی زلهێزێکە و بۆ گیانی خەڵکەکەیش بووە بە زلهێز.

من لە قسەکانی ئەو خاتوونە باش تێدەگەم. ئاخر منیش یەکێکم لەو قوربانییانە. منیش یەکێکم لەوانەی لە سایەی شەڕ و لە بن دەسەڵاتی چەوسێنەراندا مندالیی و لاوێتیم بەسەر برد. مندالییەک: "هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزار گریە بوو ئەفسووس"*. کاتێک لە هاوڕێ ئەڵەمانەکانم ورد دەبمەوە، قسەیەکی پاول کێلەر دێتەوە بیرم.

لە هاوڕێ ئەڵەمانەکان ڕادەمێنم، کاتێک قسە و دەربڕینی ئەو خاتوونە تاراوگەنشینە تاساندوویانی. نووسەری ئەڵەمانی پاول کێلەر (١٨٧٣-١٩٣٢) دەڵێت:

دڵی مرۆڤ لە پرشنگدارترین تاراوگەیشدا هەر ڕووی لە لانەیە و تاسەی دەکات. بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت و دێتە سەلماندن، کە قسەکەی پاول کێلەر، ئەو ڕستە جوانەی کێلەر، ئەو خاتوونە و هەستی ئەو ناگرێتەوە و لە دۆخی ئەودا نەیپێکاوە.

چونکە: هیچ تاراوگەیەک، هیچ ڕەوشێک، هیچ هەلومەرجێکی ژیان لەوە تاڵتر و پڕ ئازارتر نییە، مرۆڤ هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی نیشتمانی لەسەر کلۆم بدرێت، ناچار بکرێت لە سایەی دیکتاتۆرێکدا بژی و بەردەوام هەم چەپڵەی بۆ بکوتێ و هەم زراوی لێی بچێت.

دیکتاتۆرەکان، دەسەڵاتداران و سەرۆکە زاڵمەکان، لە ڕۆژهەڵات توانیویانە مرۆڤ لە خۆشەویستی وڵات و زێد دامالن.

* گۆران (١٩٠٥-١٩٦٢)
هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزار گریيە بوو ئەفسووس
ساڵانی منالیم و هەموو عومری شەبابم

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## شەڕێکی گەورە لەناو لوبنانیەکانی کۆڵن دروست بوو




لەنێوان دوو خێزانی لوبنانی شاری کۆڵن، ئاژاوەیەکی گەورە دروست بووە و سەرەنجام، لە Kalkerhauptstrae شەڕێکی گەورە و خوێناوی قەوماوە، کە چەقۆ و دار و تەختەو بوتڵێ شوشە و چەکی سوکی تێدا بەکار هاتووە، ٢٠ کەس تێیدا بەشداریان کردووە، کەوتونەتەناو یەک، لەئەنجامدا تا مەفرەزەیەکی پۆلیسی ١٨ کەسی گەیشتووە، پێنجیان بەخەستی بریندرابوون و دوانیان لێ دەستگیرکردوون.

## گرێبەستی خەتی مۆبایلHandy لەساڵێک زیاترنابێت




ڕۆژنامەی (فرانکفۆرتە ئەلگێماینە زایتۆنگ) بڵاویکردۆتەوە، کە خاتو " کاتەرینا بارلی" وەزیری دادی ئەڵمانیا پێشنیاری کردووە، ئیدی ڕێگا بە کۆمپانیاکانی هێڵەکانی تەلەفۆن نەدرێت، کە هاوڵاتیان بچەوسێننەوە، بەوەی گرێبەستی دوساڵیان بەسەردا بسەپێنن، بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر لە خەڵک، بۆیە ڕایگەیاندووە، کە گرێبەستەکان نابێت لە ساڵێک زیاتر بن، لەسەر ئەم پێشیارەش گروپێک لەپەرلەمانتاران واژۆیان کۆکردۆتەوە و کراوەتە پرۆژەبڕیارێک.

## نەخۆشێک دکتۆرەکەی خۆی کردە میراتگر



بەپێی راپۆرتێکی ڕۆژنامەی بێڵد، کچە دکتۆرێکی ئەڵمان لە خەستەخانە زۆر خۆی لە پیرەژنێکی نەخۆشی ٩٣ ساڵ نزیک کردۆتەوە و خزمەتی زۆری کردووە، وەک کەسوکاری نەخۆشەکە دەڵێن: زیاد لە پێویست سۆز و خۆشەویستی داوەتی، تا هەڵی بخەڵتێنێت، بەوەی ببێتە میراتگری، بۆیە پیرەژنیش بەرلەوەی بمرێت بەنامەیەکی ڕەسمی وەسیەتی کردووە، کە هەموو سەروەت و سامانەکەی بدەنە ئەو کچە دکتۆرە، کەبە زیاتر لە ملیۆنێک یۆرۆ دەخەمڵێندرێت، کاتێک کەسوکاری پیرە بەوەیان زانیووە، لەدادگا سکالایان تۆمارکردوە، شایانی باسە لەئەڵمانیا بەپێی یاسا هەموو کەسێ ئەگەر خێزانداریش بێت بۆی هەیە وەسیەتنامەیەک بنوسێ و میراتی خۆی بداتە هەر یەکێک کە بیەوێت..

## یاسایەکی تازە بۆ پەنابەران دەردەچێت



حکومەتی ئەڵمانیا خەریکی جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکە، بەناوی"سەرەتایەکی تازە" سەبارەت بە بکۆچبەران و دەیانەوێت شێوزای سالآنی ڕابردوو بگۆڕن و هەموو کەس ئازاد نەبێت، کە چۆن بیەوێت سنوری وڵاتەکە ببەزێنێ وداوای مافی پەنابەرێتی بکات ، بەپێی پڕۆژەکە حکومەت بە هاوکاری ژمارەیەک ڕێکخراوی مرۆیی و خێرخواز ناوبەناو، سەدان کەس لە وڵاتی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆ ئەڵمانیا و هەرکە گەیشتن مافی پەنابەرێتیان پێبدات و بەپەلە دایانمەزرێنێت، بۆ هەر یەکێک لەوانە ستافێکی ٥ کەسی دانراوە، کە مشوری ئەو کۆچبەرە بخات لە ئامادەکردنی خانوو، یان شوێنی حەوانەوە، پێداویستی، کۆرسی زمان، دۆزینەوەی کار بۆیان، بڕیار وایە لە هاوینی ئەمساڵەوە دەستبکەن بەم پرۆسەیە وسەرەتا گروپیکی ٥٠٠ کەسی کۆچبەر بێنن کە بەڕاستی لێقەوماون و لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا توانای تێکەڵاوبوونیان هەبێت.

## یاسای پێدانی ڕەگەزنامە هەمواردەکرێتەوە



"هۆرست زیهۆفەر" ی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا داوای کردووە ئەو پیشنیارانە ڕەتبکرێنەوە، کە داوادەکەن ئەوانەی لە ژنێک زیاتریان هەیە، ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان پێبدرێت، ئەوەش لەکاتێکدایە بڕیاروایە لە پایزی داهاتوودا، ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە و پێشنیاریش کراوە، کە ئەوانەی ئەڵمانی بەڕەگەز بیانین و چووبوونە ناو داعش، ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان لێ بسەندرێتەوە، لەگەڵ دەستکاری کردنی ئەو برگەیەش، کە تایبەتە بە ماوەی چاوەدێری، کە پێشتر ٥ ساڵ بووە، واتە لەکاتی وەرگرتنی ڕەگەزنامەکە، تا پێنج ساڵ دەخرێتە ژێر چاوەدێری و لەو ماوەیە ئەگەر لێی ئاشکرابێت کە زانیاری هەڵەی داوەتە دەزگافەرمییەکان یان کەتنێکی گەورەی کردبێیت، ئەوا ڕەگەزنامەکەی لێ دەسەندرێتەوە، بەپێی پڕۆژە نوێکەش، ئەو ماوەیە دەکریتە دە ساڵ، واتە تا دەساڵ بۆیان هەیە لێی بسێننەوە. ڕۆژنامەی بێڵد ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم بابەتە کردووە و دیداری لەگەڵ پیاوێکی سوری کردووە، بەناوی "عەبود"، کە چوار ژن و سیانزە منداڵی هەن، لە چوار خانوودا دەژین، خۆی بەڕەسمی لای ژنە گەورەکەیەتی و بەسەرەش هەر ڕۆژەی دەچێتە لای یەکێ لە ژنەکانی، حکومەت واتە فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی، جگە لەکرێی هەر چوار خانووەکە، مانگانە ٣٧٨٥ یۆرۆیان دەداتێ، عەبود داواش دەکات ڕەگەزنامەی ئەڵمانی پێ بدرێت.

## هەڵمەتێکی تازەی پۆلیس بۆسەر تیرۆریستان




لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، تیمێکی پۆلیس، کە پێکهاتبون لە ١٥٠ کەس لە شاری ئوبەرهاوزنی ڕۆژئاوا لە ئەڵمانیا، لە هەڵمەتێکی گورجوگۆڵانەدا توانیان ٨ کەس دەستگیر بکەن، کە گومانی پەیوەندییان هەیە بە تیرۆرەوە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ئەوانە هاوکاری و باربووی داعشیان کردووە، حەوتیان ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان هەیە و یەکێکیشیان بۆسنییە.

## مەسعود ئوزیل ژیانی هاوسەری پێکدێنێت



"مەسعود ئوزیل" یاریزانی تۆپی پێی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، لەگەڵ شاجوانی پێشووی تورکیا "مس ئامینە" هاوسەرگیری کردووە. بڕیار وایە لە ماوەی داهاتوودا، لە ئیستەنبۆل ئاهەنگێکی گەورە و شاهانە سازبدەن، هەموو یاریزانەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایان بانگهێشت کردووە، بەڵام ئەوان ناتوانن ئامادەبن، چونکە ڕۆژی دواتر یاریەکی گرنگیان هەیە و داوای لێبوردنیان کردوو..

# پاشماوەی ژمارەی پێشوو.. پێداهەڵدانی هەڵە، زیانی لێدەکەوێتەوە چی ڕوودەدات کاتێک منداڵان لەلایەن دایکان وباوکانەوە بەردەوام ستایش دەکرێن؟

موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا




## بەشی دووەم و کۆتایی

پشکنینی زانستیی ئەوەیان دەرخستووە، کەمرۆڤ بەخێرایی بایەخدانی بەکارەکەی لەدەست دەدات، گەربێت و بێئەندازە ستایش بکرێت.

هەروەها بیروڕایەکی تر: ئەرێ چی ڕوودەدات، ئەگەر منداڵەکە بەهێمنی بیربکاتەوە و وێنەکەی ئەوەنەبێت،کەبەو سینگ فراوانیییەوە ستایش کرا؟

ڕەنگبێت هەڵسەنگاندنی خودی خۆی بەهەڵە لێکدرابێتەوە،خۆ دواجار باوانیش هەموو شت لەبارەی توانا‌و زانینیەوە دەزانن ،ئەدی لەئاییندە منداڵەکە چۆن بتوانێ بەچاوێکی ڕەخنەئامێز ئاوڕێک لەکارەکەی خۆی بداوە؟

٦-"تۆ بەڕاستی باش دەتوانی پارچەی وێنەکە بەیەکەوە بلکێنیت وچارەی بکەیت"

گەر هەر لەبەر ئەوە ستایشی منداڵێک بکرێت،کە کارێکی لەراهێنانێکی داهێنەرانە حەلکردوە،ئەوە ڕەنگە لەراهێنانەکانی داهاتوودا نەتوانێت و دووچاری سەختیی ببێت. گەر خوازیاری داهێنەر بێت ،پێویستە بەرەو سەرکێشی بچیت.هەمیشەو ستایشکردنی بەردەوام واله زۆربەی منداڵان دەکات لەدواییدا متمانە بەخۆیان لەدەست بدەن.چونکە دەترسن کەئەوەی دەیکەن ڕاست وتەواو دەرنەچێت،پاشان ترسی ئەوەشیان هەیە،کە لەدانپێدانانەکەیاندا ئیدی بکوژێتەوە، بلۆک بکرێن.

پشکنینەکان نیشانیان داوە،ئەو منداڵانەی کە دەگەنە کاری باشتر،ئەوانەن کە پێشتر پێیان هەڵنەگوتراووە. ئەوانە ئازادبوون لەهەموو جۆرە گوشارێک، ژبەرکو دەتوانن داهێنانەکانیان سەربەستر بخەنەگەڕ.

٧-"تۆ زۆر وریایت.". زارۆیەک،کە هەمیشەو بەردەوام پێی بگوترێت،کە لەرادەبەدەر زیرەکە،ڕەنگە بەخێرایی ئەو هەستەی لادروست بێت،دەسەڵاتی بەسەر ئەو خاسیەتەی لەدەست بدات. ئەو لەوە ناگات،چۆن ئەو بلیمەتییە بەرەو باشتر دەچێت،بەڵام لەهەمان کاتیشدا تێبینی ئەوە دەکات،کەزۆر شتی دی هەیە ئەو هێشتا نایانزانێت. لەناو هەندێ منداڵدا مەترسیەکی قەبە چەکەرە دەکات،نەبادا باوانیان بێهیوا بکەن.ئەی چی گەر دایەوبابە درک بەوە بکەن کە خۆ من ئاوا زرنگ نیم؟

+ ئەوەی زۆر ستایش بکرێت، زۆربەی جار فێڵ دەکات. ئەوە قۆناغێکە،گەر منداڵ لەبارەی زیرەکییەوە ستایش بکرێت،بەزۆری درۆدەکات یان لە فێرگە تەڵەکە دەکات. زانا د.-کانگ لیی- لە زانکۆی تۆرنتۆ بەوەگەیشتووە.

لیی و هاوکارانی لە منداڵانی تەمەن (سێ) و(پێنج) ساڵیی بۆهەریەکەو بە جیا دوو گرووپیان پێکهێنا. لە یارییەکی مەزەندەیی، کە چەندین دەروازەی تێدابوو، بە هەر گرووپە و بەجیا پێیان گوترا کە ژیرن. منداڵانی گروپەکەی تر پێیان گوترا کە لەهەندێ دەروازەی دیاریکراودا گرووپەکەی تر زیرەکتربوون. دواتر منداڵەکان بەردەوام دەبن لەیارییەکە. زاناکان هۆڵەکە جێدەهێڵن بەڵام پێش چوونەدەرەوە بەڵێن لەمنداڵەکان وەردەگرن،کە بەزییەوە نیشانیان نەدەن، کامە ئەنجام ڕاستەکەیە. پاش هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانیان، زانایان بەتەواوی بۆیان ڕوونبووەوە،کە ئەو منداڵانەی، کە بەزیرەک ستایشکراون، زۆر زیاتر فێڵیان کردووە، تا ئەنجامی ڕاست بەدەستبهێنن. تەمەنی منداڵەکانیش بۆ ئەمە هیچ جیاوازییەکی نەبووە. لیی ڕوونیدەکاتەوە: "منداڵەکان هەستیان دەکرد، لە ژێر فشاردان، کە ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنن، تاکو لەئاست پێشبینییەکاندابن، هەتا گەر ئەمە مانای ئەوەش بێت کەپێویست بکات فێڵیش بکەن."

+ منداڵی زۆر ستایشکار ترسی لە گەڕانەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەکان هەیە هەروەها (د. کارۆل دڤێک)، کە زانایەکی پێشەنگە لەو بوارەدا، لێکۆڵینەوەیەکی کردوە، کەچی بەسەر منداڵدا دێت، گەر پێیان بگوترێت، ئەوان وشیارن. دڤێک پۆلی پێنج بە سەر دوو گرووپدا دابەشدەکات، ڕاهێنانی ئاسانیان دەداتێ. دواتر بە منداڵانی گروپێکیان دەڵێن: کە زیرەکن، بەڵام لەبەرامبەردا بە منداڵانی گرووپەکەی دی دەڵێن: تۆ بەڕاستی توشی سەختی بوویتەتەوە" پاشتر منداڵەکان پرسیاریتریان بۆ دێت، بۆیان هەبوە بۆ خۆیان پرسیار هەڵبژێرن، ئایا سەختەکان یا ئاسانەکان لەپێشدا ئەنجام بدەن.

منداڵانی گرووپی یەکەم داوای پرسیارە ئاسانەکانیان کردووە،هی دووەمیش لەسەدا نەوەد٩٠% داوای پرسیاری قورسیان کردووە بەئاکامی بگەیەنن. لێرەدا چیی ڕوویدا؟ ئەمەش بەلای کەمی بەراوردێکی سادەی ستایشکردن بوو کە بەچ ئاقارێک دەڕوا و وا لە منداڵەکان دەکەن کەهەڵسوکەوتێکی تەواو جیاواز بکەن.

+ جۆری پیاهەڵدان ژیریی منداڵەکە دەستنیشان دەکات.

بەروونی لەمنداڵانی گرووپی یەکەم ریسکەکە دیاربوو، کە چەند گەورەیە و لەوانەبوو بەرەو شکستیشیان بەرێت. ئەوان خوازیاری ئەوەبوون، کە بۆ لەمەودواش هەر لە "زیرەکیی"ەکەیان بەردەوام بن و بەڕاستییان وەرگرتبوو. بەڵام لەبەرامبەردا منداڵانی گرووپی دووەم لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا بڕوای زیاتریان بەخۆیان پەیداکردبوو، چوون بڕوانامەو دانپێدانەکەشیان هەر بەهەوڵ وکۆششی خۆیان پێدەدرا.

لێرەدا ئەو زارۆکانەی دەیانەوێ بایەخەکانیان چالاکانە بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان، بەڵام زیرەکیان نا، تەنها بەشێوەیەک خۆیان بۆ فێربوون ئامادە دەکەن، گەر بێت و لە بری هەڵسوکەوتەکانیان دانیان پێدابنرێت. دڤێک ئەو جیاوازیی بیرکردنەوەیە بە" fixed mindset" ئەقڵی جێگیر و" growth mindset"عەقڵی گەشەسەندوو ناودەبات. ئەو منداڵانەی باوەڕ بەعەقڵی چەسپاو دەکەن، پێیان وایە شتگەلی وەک ئەفراندن وژیریی و خاسیەتی کەسایەتییش لەگەڵیاندا لەدایکبووە. بۆیە ڕایان وایە کەئەمە گۆڕانکاری بەسەردانایەت و ناشکرێ بەرەوباشتر بچێت. کەچی منداڵانی سەربە عەقڵی پەرەسەندوو، لە هەمبەردا مێشکی خۆیان وەک ماسولکەیەک دەبینن،کە بەڕاهێنان ومەشقکردن بەهێزتردەبێت.ئەوان بڕوایان وایە کە تواناکانیان دەکرێ بەرەو باشتربەرن،گەربێت و بخەبتن، هەر بۆیەشە هیچ ترسێکیان لە روبەڕووبوونەوە نییە.

## بۆچی دەبێت ئێمە ئاگادارتر بین؟

ئەو هەموو نموونانە ئەوەمان پیشان دەدەن،کەبۆچی باشترە وشەکان بەئاگادارییەوە هەڵبژێرین و مامەڵەو زۆر دەست بە پێداهەڵگوتندا بگرین. منداڵان دەیانەوێت ئێمە تەنها ئەوان وەک خۆیان کەهەن سەیربکەین، نەوەک بەپێچەوانەوە بەردەوام ببنە مایەی هەڵسەنگاندنەکانمان. ئێمە دەمانەوێت زارۆکانمان، بیروڕاو تێبینیەکانیان بۆ خۆیان وێنابکەنو بەیانی بکەن.گەرەکمانە، ئەوان خۆیان خۆشحاڵانە لەدژی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا بوەستنەوە. خوازیارین،منداڵەکانمان بەسەرکەوتنەکانی خودی خۆیان ئاسوودەبن و شانازی بەخۆیان و بەوەبکەن کە ئەنجامیانداوە. بەڵێ ئێمە ئەو ئەگەرو دەرفەتەیان لەدەست دەدەین، گەر هەمیشە ناچاری هەڵسەنگاندنەکانی خۆمانیان بکەین. ئەمەش مانای ئەوە نییە،کە نەتوانین هەرگیز منداڵەکانمان ستایش بکەین،یاخود هاوبەشی خۆشیەکانیان بین،بەپێچەوانەوە:گەربێت و ئێمە ئاگاداری مامەڵە لەگەڵ وشەکانماندا بین،ئەواهەلی بەدەستهێنانی خۆشیەکی گەلێک مەزن بۆ منداڵەکانمان فەراهەم دەکەین:بڕوای تەواو، کە گەشەسەندنەکان بەهەستێکی ئارام و چەسپیو بەرەوپێش دەچن، دەتوانن پشتبەخۆیان ببەستن.

ئەو منداڵانەش کە بۆیان هەبێ ئەو ئەزموونانە پیادەبکەن، ئازادن، دیارە کەسیش هیوای لەوە زیاتر بۆمنداڵەکەی ناخوازێت.

ئەم بابەتە لەلایەن"گینا لویزا مێتسلەر" نووسراوەو لەسایتی فۆکۆس بڵاوکراوەتەوە منیش کردومەتە کوردی....دیارە لەنێو ئێمەی کوردیشدا پیاهەڵدان ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەیە و تاکی کورد هەمیشە حەزی پێدەکەن و گەز گەز باڵای پێدەگرن.

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## ئازاد حەمە ڕەسوڵ

لە 1960/10/10 لە گەڕەکی چوارباخ لە سلێمانی، لە خانەوادەیەکی مامناوەندی لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و لە ساڵی 1981 بۆ ساڵی 1985 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی خوێندووە. بە داخەوە لە کۆتایی دوا ساڵی خویند، لە پێنجەم ساڵی پەیمانگەدا گیراوە و 15 ساڵ حوکم دراوە، لە ساڵی 1986 بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە، بەڵام ڕژێمی بەعس ڕێی پێنەداوە خوێندنەکەی تەواو بکات. لەو پێنج ساڵەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشداری فیستیفاڵی ساڵانهی پەیمانگای کردووە، بە تابلۆ و کاری نەحت. لە ساڵی 1992 لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە تورکیا بە شداری کردووە لە پیشانگای هاوبەشدا، لە هەمان ساڵدا لەڕێگەی وڵاتە یە کگرتووەکانەوە گەیشتۆتە وڵاتی نەرویج .لە ماوەی ئەو 26 ساڵەدا لە وڵاتی نەرویج 5 پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە و بەشداری 6 پشانگەی هاوبەشی کردووە، لەگەڵ هونەرمەندانی نەرویجی. بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2016 گەڕاوەتەوە کوردستان و پیشانگەیەکی تایبەتی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە. بە کاری قەڵەمی ڕەش و سپی، کە 37 تابلۆی لە خۆگرتبوو. بە ناوی چەپکە گوڵێک لە یادەوەرییەکانی شار. تابلۆکان بریتی بوون لە کوچەو کۆلانەکانی شاری سلێمانی. لە وڵاتی نەرویج بۆ ماوەی 5 ساڵ مامۆستای وێنەکێشان و نەحت بووە لە قوتابخانەیەکی نەرویجی، خویندکارەکانی منداڵانی نەرویجی بوون لە پۆلی 6 ەوە بۆ پۆلی 12 وانەی پێگوتوونەتەوە. هونەرمەند ئازاد تا ئێستاش دانەبڕاوە لە کاری هونەری. بە نیازە لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان پیشانگەیەک بکاتەوە. هونەرمەند ئێستا خانەنشینە بەهۆی باری تەندروستی قاچییەوە، بەهۆی برینداربوونیەوە. لە تورکیا لە دوای پیشانگەکەی بە هەفتەیەک، لە ئۆردوگای سلۆپی مانگی 12 ی ساڵی 1991، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/azad.hamarasol/media_set?set=a.202394266454326&type=3








# تـــاراوگــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807